# بەراوردكارییەک لە نێوان «نانجینگ» و «ئەنفال» لە ئاوێنەی سینەمادا

محەمەدعەلی دەستماڵی
(سنە)

بە دیتنی هەر وێنە و گۆشەیەکی فیلمی سینەمایی «حوکمی مەرگ» (Dead to rights)، بەشێکی بچووک لە ژینۆساید و تراژیدیا گەورەکەی ئەنفالمان بەبیر دێتەوە. ئەم فیلمە، شاکارێکی بێوێنەی سینەمای چینە لە ساڵی ٢٠٢٥دا.

فیلمەکە لە شاری «نانجینگ»، پێتەختی ئەوکاتەی وڵاتی چین دا باسی تاوانی مێژوویی سپای ژاپۆن دەکات. سەربازانی ژاپۆنی لە بەفرانباری ساڵی ١٩٣٧دا شاری نانجینگ داگیر دەکەن و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس لەو شارەدا دەکوژن و تەرمەکانیان دەخەنە ناو چۆمی «یانگتسێ». زیاتر لە ٨٠ هەزار ژن و کچی نانجینگ، دەستدرێژیان کرایە سەر. سپای ژاپۆن، هەر لەو شارەدا هەزاران کەس بە شمشێر سەردەبڕن و بە شانازییەوە سەرەبڕاوەکانیان لەبەر کامێرا بەدەستەوە دەگرن و وێنەی یادگاری تۆمار دەکرێت!

فیلمەکە بە شێوەیەکی زۆر هونەرمەندانە توانیویەتی بە زمانی وێنە، ئەو تاوانە نەگریسە دووبارە بخاتە بەرچاو. ڕاستییەکەی فیلمەکە هێندە ورووژێنەر و سەیرە کە یەکسەر ناچار دەبیت بڕۆیە ناو ئینتەرنێت و بەدوای دەستەواژەی «کۆمەڵکوژی نانجینگ»دا، دەست بکەی بە لێگەڕان بۆ ئەوەی بزانیت، هەر بەڕاست سپای ژاپۆن ئاوەها دڕندانە خەڵکی ئەو شارەیان کوشتووە، یان نا. هەر لە یەکەم چرکەکانی لێگەڕاندا، دەیان وتار و وێنە دەدۆزینەوە کە سەلمێنەری ئەم دێڕەن: بەڵێ! هەر بەڕاست فیلمەکە، درۆ ناکات و هیچ شتێکی گەورە نەکردووەتەوەو تاوانەکە، تەنانەت لەوەی ناو فیلمەکە مەزنتر و سامناکتر بووە.

پرسیار چییە: ئایا دەمانەوێ باسی ئەوە بکەین کە بۆچی وڵاتێکی وەکوو ژاپۆن تاوانی وای کردووە؟ نەخێر!

لە خوێندنەوەی چاخە دوور و نزیکەکانی مێژوودا، زۆر بە دەگمەن وڵات و دەوڵەتێکمان بۆ پەیدا دەبێ تووشی تاوان و کۆمەڵکوژی گەورە نەبووبێت. بۆ وێنە، بەریتانیا و هۆڵەندا و پۆرتوگال و ئیسپانیا، کاتی خۆی لە تاوانی گەورەی ڕاوە کۆیلە و فرۆشتنی کۆیلەکاندا، سەدان هەزار تاوانی گەورەیان تۆمار کردووە. نادرشای ئەفشار، پاشای ئێرانی کە هێرش

دەکاتە سەر هیندستان، فەرمان دەدات بە سەربڕینی هەزاران کەسی بێتاوان. شائیسماعیل سەفەوی، کاسەسەری شەیبەکخانی ئۆزبەک دەکاتە جام و شەرابی تێدا دەخواتەوە! لە چاخی سەلجووقی و عوسمانییەوە بگرە، تا دەورانی مستەفا کەمال، دەیان کۆمەڵکوژی و تاوانی گەورە لە تورکیا ڕوویان داوە. بەعس لە ئێراق و سوریا و میسردا، سەدان تاوانی کردووە. ئەمریکا لە بەرانبەر سووورپێستەکان، هەروەها لە ڤێتنام و ولاتانی تردا دەیان تاوانی کردووە. وەلحاسڵ... ولات و دەوڵەت بۆ نادۆزرێتەوە خوێنی نەڕژاندبێت.

پرسیاری سەرەکی ئەمەیە: لەو جیهانەدا وا گێڕانەوەی سینەمایی چیرۆکە سامناک و غەمبارەکەی نانجینگی ژاپۆن، دەیان ملیۆن دڵ و مێشک بە لای خۆیدا ڕاکێش دەکات، ئایا جێگەیەک بۆ ئەوە هەیە، ئێمەش باسی ژینۆسایدە مێژووییەکەی ئەنفالی کورد بکەین، یان نا؟ لەو جیهانەدا، وا دەیان فیلمی سینەمایی و بەڵگەفیلم لە سەر ئاشویتس دروست کراوە، هێشتا ئەم بابەتە جێگەی سەرنجە و بینەری خۆی پەیدا دەکات، ئایا باسکردن لەسەر ئەنفال و سازکردنی فیلمی سینەمایی بۆ ناساندن و وەبیرهێنانەوەی ئەو کارەساتە، کردەوەیەکی بێ ئەنجامە؟ بە دڵنیاییەوە نا.

### ترسناکتر لە ئەنفال

بۆچی سازکردنی فیلمێکی سینەمایی لەسەر بابەتی ئەنفال، دەبێتە خاڵێکی پێویست لە ژیانی کورددا؟ دیارە بەشێک لە وەڵامی ئەم پرسیارە، ڕەگوڕیشەی لە چەمکی «یادەوەری بەکۆمەڵ»دا هەیە. ئەم چەمکە بنەمایی و گرینگە بە دوو حاڵەت و واتای ئینگلیسی «Collective memory»، هەروەها «Socialmemory» کاریگەریی جیددی لەسەر چارەنووسی نەتەوە هەیە، پەروەردەی کۆمەڵگە و بنەما هزری و چاندییەکانی نەوەی ئێستا و داهاتوومان. لەبەر ئەوەی، لەبیربردنەوە و فەرامۆشکردن، تەنانەت لە ژینۆسایدی وەکوو ئەنفال، ترسناکترە و ڕەنگە خەسارەکەی زیاتر بێت.

بۆچی لە ساڵی ٢٠٢٥دا کە شەڕی بازرگانی لەگەڵ ئەمریکا، کێبڕکێ لە بواری زیرەکی دەستکرد، پرسی تایوان و دەیان بابەتی دیکە بوونەتە گرنگترین کەڵکەڵە و نیگەرانییەکانی چین، ئەم ولاتە دیسانەوە، ڕووی لە پرسی نانجینگ کردووە و دروستکردنی فیلمێک لەسەر ئەو تاوانەی نەوەد ساڵ لەمەوبەری ژاپۆن، وەک سەریەت و کردەوەی گرینگ دەبینێ؟ بۆچی تەنانەت لەو قۆناغە هەستیارەدا وا ئیسراییل، بە شێوەی هاوکات دژ بە فەلەستین، لبنان، ئێران، یەمەن و لایەنەکانی تر شەڕ دەکات، دیسانەوە بەردەوامە لە گێڕانەوەی ئاوشڤیتز؟ ئەم پرسیارانە جیددین و نابێ وەڵاممان پێ نەبێت. ئەوان باش دەزانن، فەرامۆشی سەرەتای نەبوونە. ئەگەر دووبارە و دووبارە و دووبارە خەم و ماتەمین و برینە کۆنەکان وەبیر نەهێنتەوە، نەوە تازەکان چۆن دەتوانن وێنا و ناسینێکی ڕاستودروستیان لە ڕابوردووی نەتەوەکەیاندا هەبێت؟

ڕاستییەکەی، بیرهێنانەوە و یادەوەری، هەم ئامراز و قەڵغانی خۆپاراستن و ئاییندەپارێزییە، هەم سۆنگەیەکی جیددی بۆ بەرپرسیارێتی ئەخلاقی، هەر وەکوو «هانا ئارێنت» گەورە فەیلەسووفی هاوچەرخ باسی کردووە، هەر کە دەرگای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بیرهێنانەوە داخرا، ڕێک لەو ساتە بەدواوە، دڕندەیییەکان ئاسایی دەبنەوە، کە وایە تۆ ناتوانی سەبارەت بە خاڵێکی مێژوویی زۆر گرینگ وەک ئەنفال، ئەم بابەتە بێنی تەنیا و تەنیا وەک دۆسیەیەکی مافی مرۆڤ و بەشێک لە ئەرشیف چاو لێ

بکەیت. ئەم هەڵەیە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژینۆسایدە گەورەکەی ئەنفالی کورد، وەک بابەتێکی ئیداری و دۆسیەیەکی کۆن و وەلاوەنراو چاو لێ بکرێت. لێرەدایە کە سینەما بەرەنگاری لەبیرچوونەوەی بیروکراتی دەبێتەوە. سینەما ئەو هێزەی هەیە کە دووبارە گیان بەبەری قوربانیاندا بکات و ئامرازی گێڕانەوە ساز بکات بۆ ئەوەی دوو چەکت بەدەستەوە بێت: یەکەمیان، چەکی بیرهێنانەوە لەناوخۆدا بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا و داهاتوو نەکەوێتە ناو ئەفیونی فەرامۆشی. چەکی دووەم، وێناکردن و گێڕانەوەیە لەبەرانبەر ئەویدی و جیهانی دەرەوەدا.

لە ڕووی ئەخلاقییەوە، تاوانە گەورەکان ناسڕدرێنەوە و سینەما ئامرازێکی جەوهەرییە بۆ یادەوەریی بەکۆمەڵ. تێپەڕبوونی کات بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پووچەڵ ناکاتەوە. کاتێک کۆمەڵگەکان واز لە گێڕانەوەی زەبروزەنگی خۆیان دێنن، مەترسی ئاساییکردنەوەیان لەسەرە، کەواتە دروستکردنی فیلم لەسەر ئەنفال، تەنانەت پاراستنی هۆشیاری ئەخلاقییە. وەکوو مۆریس هالبۆکس ئاماژەی پێداوە، یادەوەری بەکۆمەڵ ئەو ئامرازە بەهێزەیە و دەبێ بەردەوام سوودی لێوەربگرین. کۆمەڵگەکان لە ڕێگەی دامەزراوە و ڕێوڕەسم و بەرهەمهێنانی کولتوورییەوە بیریان دێتەوە. ئەگەر ئەنفال بە بەردەوامی لە فۆرماتە کولتوورییەکان (فیلم، ئەدەب، پەروەردە)دا نوێنەرایەتی نەکرێت، ئەوە مەترسی ئەوەی لەسەرە لە یادەوەری بەکۆمەڵدا تێک بچێت.

## ئەنفال وەک گەورەترین ترۆمای کورد

تیۆدۆر ئادۆرنۆ بەناوبانگە و دەڵێت کە نووسینی شیعر لە دوای ئاوشڤیتزەوە بەربەرییە، بەڵام دواتر ڕوونی کردەوە کە هونەر بە وردی بەهۆی زەبروزەنگەوە پێویستە. بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی تاوانی بەعس لە جینۆسایدی ئەنفالدا، ئاسانە بڵێین ئەمە گەورەترین ترۆمای کوردە. سینەما ئامرازێکی بەهێزە کە دەتوانێت ترۆمایەکی قەومی — نەتەوەیی — ناوچەیی، بۆ ئاستی نێودەوڵەتی بگوێزێتەوە. نابێ بهێڵین ئەم برینە بەتەنیا هیی خۆمان بێت. ئەگەر فیلمی ئەنفال لە سینەمای جیهانیدا نەبێت، مەترسی ئەوەی هەیە کە ببێتە کارەساتێکی ناوچەیی، نەک وانەیەکی مرۆیی گشتگیر.

بەرهەمهێنانی سیستماتیکی گێڕانەوەی ئەنفال، تەنیا باسی یادگار و مێژوو نییە، بەڵکوو بنیادنەری هۆشیاری ئەخلاقی بەکۆمەڵە. لە کۆمەڵگەکانی دوای جەنگدا، گێڕانەوەی بەردەوامی دڕندەیییەکان لە ڕێگەی سینەماوە وەک قەڵغانێکی زانستی لە دژی نکوڵی و لەبیرچوونەوەی سیاسی و ئاساییکردنەوەی ئەخلاقی کاردەکات. بەم شێوەیە بەرپرسیارێتی نوێنەرایەتیکردنی ئەنفال لە دەرەوەی دەوڵەت بۆ ژێرخانی فەرهەنگی و مەدەنی فراوانتری کۆمەڵگە درێژدەبێتەوە.

## ئاخۆ دژبەران چۆن بیر دەکەنەوە؟

لەوانەیە کۆمەڵێک کەس، دژبەری ئەوە بن کە ئێستا، یان لە داهاتوودا، لە سەر ئەنفال و هەڵەبجە و گردی زیلان و کۆمەڵێک تاوانی تر، فیلم ساز بکرێت. لەوانەیە ئەم کەسانە یەکێک لەم هۆکارانە، یان هەموویان، وەکوو ئیستدلال (بەڵگە) و بیانوو بخەنە بەردەست:

١ - ماندووین. پێداچوونەوەی بەردەوام بە دڕندەیییەکانی بەعس لە کاتی ئەنفالدا، خۆماندووکردنە، هەموومان ئەم شتانە دەزانین. بۆ دووپاتی بکەینەوە؟

٢ - کۆمەڵگە پێویستی بە چاکبوونەوەو شادی هەیە، نەک دووبارەکردنەوەی ماتەمین و کارەساتەکان.

٣- ئێستا لانیکەم لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا، حکومەتی کوردی، ئەوندەی کێشە و گرفتی تری هەیە، کاتی ئەوەی نییە بیر لەم شتانە بکاتەوە. کێشەی ئابووری و مووچە، ناکۆکی نێوان لایەنە کوردییەکان، ناکۆکی نێوان کوردستان و بەغدا و زۆر شتی دی، کەوایە نابێ باسی ئەنفال وەکوو سەرێەت چاوی لێ بکرێت.

٤- ئێمەی کورد، ئەوندەی ئەمریکا و چین و ئەڵمانیا و وڵاتانی دی، لە سینەمادا شارەزا نین.

دیارە ئەمانە تەنیا چەند وێنەی سنووردارن و لەوانەیە دژبەرانی سازکردنی فیلمی ئەنفال و هەڵەبجە و کارەساتەکانی تر، دەیان دێڕ قسە و بۆچوونی تریان هەبێت و لەوانەیە هەندێک لەو قسانەش لە جێی خۆیدا جێی سەرنج بن، بەڵام ڕاستییەکەی دۆزینەوەی وەڵام و ئانتیتێز لەبەرانبەر ئەم قسانەدا دژوار نییە. بۆ وێنە، دەرهێنەر و نووسەر و ئەکتەری کورد، لەم ساڵانەدا بەردەوام لەگەشە و هەڵدان و تێگەیشتندا، بۆ بەرەوە هەنگاویان ناوە. لەگەڵ ئەوەشدا، مەرج نییە هەموو ئەرکەکانی ئەو پرۆژەیە، تەنیا بەدەستی هونەرمەندی کورد بکرێت. دیارە مەرج نییە هەموو خەرج و تێچووی ئەم کارانە وەئەستۆی حکوومەت بێت، کەرتی تایبەتیش دەتوانێ بێتە مەیدانەوە. ئەگەر بە شێوازی پسپۆڕانەی بەبازاڕکردنی سینەمای جیهانی کار بکرێت، بەرهەمی وا دەتوانێ جیا لە قەرەبووکردنەوەی تێچووی خۆی، ملیۆنان دۆلار داهات و دەنگدانەوە لەگەڵ خۆی بێنێ.

بەرهەمهێنانی فیلم، هەلی کار و لێهاتوویی و بینینی نێودەوڵەتی دروست دەکات، هەروەها پیشەسازییە کولتوورییەکان بەهای ئابووری دروست دەکەن و جیا لەمانەش، یادەوەری ئەخلاقی، متمانەی دامەزراوەیی بەهێز دەکات.

ئەگەر زانکۆکان و سینەماکارانی سەربەخۆ و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و بەرهەمهێنەرانی تایبەت بەشداری بکەن، کۆنترۆڵی گێڕانەوەکە لامەرکەزی دەبێ و لە کۆمەڵێک قسە و باسی پەراوێزی و حیزبایەتیش دوور دەخرێتەوە. ئەگەر خەمی ئەوەش هەبێت کە گوایە ئەمە ناکۆکی نێوان کورد و عەرەب ساز دەکات، وەڵامەکە ئەمەیە: گێڕانەوەی ئەخلاقیی ڕاست و کارامە، دەتوانێت ئەنفال وەک تاوانی ڕژێمێک بخاتەڕوو نەک نەتەوەیەک، کە وایە ئەم جیاکارییە زۆر گرنگە: ڕەخنە لە سیستمەکان بگرن، نەک گرووپە نەتەوەییەکان.

لە کۆتاییدا با لەبیرمان بێت: یادەوەری پێویستی بە دامەزراوە هەیە، سینەماش یەکێکە لەو دامەزراوانە. نەبوونی نوێنەرایەتی دەبێتە هۆی لەبیرکردنی بەکۆمەڵ. بەرهەم نەهێنانی بەرهەمێکی کولتووری سەبارەت بە ئەنفال، مەترسی «سڕینەوەی پاسیڤ» هەڵدەگرێت. گەیشتن بە دادپەروەری پێویستی بە بەردەوامیی گێڕانەوەکە هەیە، هەروەک تیۆدۆر ئادۆرنۆ دەڵێت، هونەر بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی بەربەرییەت زۆر پێویستە. ئەگەر ئەنفال لەسەر ئاستی جیهانی کەم نوێنەرایەتی بکرێت: ئەمە تەنیا چاودێرییەکی مێژوویی نییە، ئاماژەیە بۆ ناهاوسەنگی لە هێزی گێڕانەوەکەدا. لەم جۆرە هەلومەرجەدا، ڕۆشنبیران و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هاوشان لەگەڵ کەرتی تایبەت، بەرپرسیارێتییەکی قورس لە ئەستۆ دەگرن، لە هەمان کاتدا حکوومەت دەتوانێت ئاسانکاری بۆ هونەرمەندانی سینەما بکات بۆ تۆمارکردن و بە بەڵگەنامەکردنی شایەتحاڵی ڕزگاربووان و ئاسانکاری بۆ هاوکاری توێژینەوە و پشتیوانیکردن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.